# ئێمە ئەمڕۆ هاتووین بۆ شکایەتکردن لە حکومەتی بەریتانیا بۆ ریز گرتن لەمافەکانی پەنابەران ویاسا نێو دەولەتی یەکان لەبارەی مافی پەنابەرییەوە

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

### سازدانی: ڕێبوار عارف

**ئۆکتۆبەر: ئێوە لەم ڕۆژانە لەپەیوەند بە کیشەی پەنابەرانی کورد لەگەل وەفدیکدا سەردانی پەرلەمانی ئەوروپاتان کرد، ئایا دەکریت پیمان بلین کە لەم سەردانەتاندا چیتان کردو هەروەها پیشتریش لەپەیوەند بە دیپورت کردنەوەی پەنابەران چیتان کردوە؟**

دەشتی جەمال: بەڵێ ئێمە وەك فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقیو بەرەی دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق پێش گیرانەوەی بەزۆری ئەو 15 پەنابەرە کوردەی لە 21-11-2005 وە کەمپێنێکی بەرفراوانمان بەرێ خست دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد بۆ کوردستانو راگرتنی پەنابەران لەو گرتووخانانەی پەنابەرانی تیا راگیرا بوو بەپشتیوانی چەند ئەندام پەرلەمانی بەریتانیاو ئەوروپا نامەی نارەزایەتیمان داوە بەحکومەتی بەریتانیا، بەسەدان ئیمزا وچەند نامەیەك خراوەتە بەردەم توونی بلیر ولەسەر ئەم سیاسەتەی کەلەبەرامبەر پەنابەرانی کورددا بەریوەی دەبات... هەروەها ئێمە پێشتر زنجیرەیە خۆپیشاندانمان لە شارەکانی بەریتانیا ئەنجامداو سەردانی ڕێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی وUNHCR چەند ڕێکخراوی ئینسان دۆستو پەنابەریو یەکیتی کریکاری وسەلیبی سوورمان کرد، تافشار بخەینە سەر دەولەتی بەریتانیا بۆڕاگرتنی ئەم سیاسەتە. هەر لەمبارەوە بەرەی هاوبەش پێشتر لەمانگی یەکدا لە پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر پێشنیاری ئێمە پێك هات کە چەندین ڕێکخراوو ئەندام پەرلەمانو حزبو کەسایەتی تیدایە.. وە ئەم بەرەیە کۆنفرانسی ئەنجامداوە کە چەند ئەندام پەرلەمانو نیهادی پەنابەریو ئینسانی تیا بەشدار بوونە جگەلەمانەش لەباری قانونیەیەوە ئێمە بە چەند پاریزەرەوە پەیوەندیمان کردوە وە بۆ ئەو پەنابەرانەی گیراون پاریزەرمان بۆ گرتوون تا نەهێلین دیپۆرت بکرینەوە سەر ئەنجام تا ئیستا چەند پەنابەرمان لە گرتووخانەکاندا ئازادکردوە وە نامەو چاوپێکەوتنمان کردوە لەگەل دەزگاکانی راگەیاندنو دانیشتنو دانوسانمان لەگەل دەولەت کردوە.. هەروەها داوامان کردوە لە ڕێکخراوو مەلبەندە کوردیەکان تاخۆپیشاندان وەری بخەنو بەشیوەی گونجاو فشاربخەنەسەر حکومەتی بەریتانیا لە وولاتە ئەورپی یەکان وداوا لە ئەندام پەرلەمانەکانی ئەو وولاتانە بکەن. تا توانیمان بەخەباتی لیبراوانەی فیدراسیۆن بۆ ماوەیەکی زۆر دەولەت ناچار بکەین کە دەست لەم سیاسەتە هەڵبگرێ ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بووە.. پاشان جاریکی تر لە 5-9-2006 دەولەت نزیك بە 32 پەنابەری تری کوردی بەکەلەپچە کراویو جلو بەرگی سەربازیو بەفرۆکەی سەربازی گیرایەوە کوردستان کە ئەمە پێچەوانە هەموو پرەنسیپێکی نیو دەولەتیو مافەکانی مرۆڤەوە ئێمە لەم بارەشەوە جیاواز لە ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆ تونی بیلر هەروەها لە شارەکان خۆپیشاندانمانکردو نامەمان بۆ (کوفی ئەنان) سکرتیری نەتەوە یەکگرتووەکان نارد بەپشتیوانی 2000 ڕێکخراوو کەسایەتیو ڕێکخراوی ئینسان دۆستو کریکاری توانیمان شکاتنامە بەرینە نیو پەرلەمانی ئەوروپیو چاوپێکەوتن بکەین لەگەل سەرۆك پەرلەماندا وە رۆژی 11-10-2006 لەسەر داوای چەند پەرلەمانتاریکی ئەوروپیو حزبی سەوز دەعوەتکراین بۆ پەرلەمانی ئەوروپی لەبرۆکسیل بۆ پێشکەش کردنی شکایەتنامە لەسەر حکومەتی بەریتانیا. لەم سەردانەدا لەگەل بەریز (Halonen) سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی کۆبوومەوەو لەسەر بارودۆخی سیاسی عیراقو کوردستان لەسەر تیرۆرو کوشتن وشەری ناوخۆ ومیلیتاریزمیك کە ئەمریکاو بریتانیا بەسەر خەڵکی عیراقدا دایان سەپاندوەو رۆژ نییە ژیانی سەدان کەس لەخۆین هەڵنەکیشێ وتا سەرکوتو بەرێوە چوونی حکومی اعدام کە دەولەتە ئەورپی یەکان بەتووندی دژایەتی دەکەن، تا گەندەڵی سیاسیو ئیداریو سەکوتی نارەزایەتی یەکانی خەڵکی کوردستانو جێ بەجێ نەکردنی خواستی دابینکردنی ئاوو کارەبا کە پاڵ بە خەڵکی عیراق وکوردستانەوە دەنێ رووبکەنە هەندەرانو ریگای سەخت بگرنە بەر.. وە لەم نیوەدا 2000 ئیمزای پشتیوانی لەخواستەکانی پەنابەران و950 ئیمزا کەحیپنێکی پێشتری من لەنامەیەکدا کە بۆ بەریز (جلال تالەبانیو مسعود بارزانی) ناردوە لەسەر ریز گرتن لەمافەکانی مرۆڤ لەکوردستانو بەرەسمیەت ناسینی ئازادی هەلسورانی سیاسیو جێ بەجێکردنی خواستەکانی خەڵکی کوردستانو دابین کردنی ئاوو کارەباو خزمەتگوزرایەکان.. هەروەها چەند سەنەدو نامەی تری فیدراسیۆن لەوانە نامە بۆ کوفی ئەنان و تونی بلیر، نامەیەکی تایبەت بە سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی خۆی بۆ جێ بەجێکردنی خواستەکانی پەنابەران، نامەی ئەو 10 پەنابەرەی بۆ کوردستان بەزۆر نیرراونەتەوە نامەی بورهان نامق کەتووشی نەخۆشی دڵ بووە. لە وەلامدا بەریزیان بریاریان دا بەدوا چوون بکەن لەسەر مەسەلەی ناردنەوەی پەنابەرانو تەواوی بەڵگەو سەنەدو نامەکانی فیدراسیۆن چاو لێبکەنو بەزوویی وەلاممان لێبگیرنەوە. هەروەها لەسەر ژیانی پەنابەرانی کوردو عیراقی لەوولاتە ئەوروپی یەکان چوونیتی مامەلەی ئەم دەولەتانە بەکیشەکانیانو بەرەسمیەت نەناسینی مافی پەنابەریو نیشتەجی بوون وپشتکردن لەبەها ئینسان یەکان لەبواری ریزگرتن لەمافی ژیانی بۆخەڵکێك کە قوربانی ستەم وسەرکوت جەنگ وکاولکاریەکن کە زۆربەی وولاتە ئەوروپی یەکان لەپشتیەوە راوەستاون.. هاوکات لەسەر گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد لەلایەن حکومەتی بەریتانیا بۆ کوردستان بەتایبەتی قسەم کرد کە ئەم کردەوەیە ئەوپەری دژایەتی هەیە بەهەموو پێوانەکانی مافی مرۆڤی ئەوروپیو بریارنامەکانی کۆنفیدراسیۆنی جینیڤی 1951.. مامەڵە لەگەڵ پەنابەرانی کورد وەك ئەسیری جەنگ لەکاتیکدا ئەم پەنابەرانە ئینسانی تاوانبار وەیان تیرۆریست نەبوون، ئینسانی مەدەنی لەترسی جەنگ وکوشتارو سەرکوت هەڵهاتوون..باسمان لەو مامەلانە کرد کە لەگرتوخانەکاندا لەگەل پەنابەرانی کورد بەرێوە چووە تا ئەوەی یەکیك لەو پەنابەرانە دوای ناردنەوەکەی تووشی نەخۆشی دڵ بووە ئیشارە پیدا وە پێم راگەیاند ئێمە ئەمرۆ هاتووین بۆ شکایەتکردن لە حکومەتی بەریتانیا بۆ ریز گرتن لەمافەکانی پەنابەران ویاسا نیو دەولەتی یەکان لەبارەی مافی پەنابەرییەوە..

داوامان لێکرد پەرلەمانی ئەوروپی دەوری جدی خۆیان بگێرن بۆ راگرتنی فەوری ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد.

هەمان رۆژ کاتژمێر 10 ی سەرلەبەیانی لە پەرلەمانی ئەوروپی وەفدێکی فیدراسیۆنو بەرەی دژی دیپۆرت کە پێك هاتبوو لە(دەشتی جەمال، Karen Jhnson، Nicoles Dessaux، Celine Pauvos) لەگەل بەریز (Jean Lambert) چاویان کەوت بە بەریز (Michael Konther) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی بەرپرسی (Commiission&National Export for Immigration and asylum European) هاوکات وەفدی ناوبراو چاوی کەوت بە (Manfred Weber) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپیو بەرپرس لەگروپی (Democrats Christian) وە هەروەها کاتژمێر 3 پاشنیوەرۆ چاویان کەوت بە هەردوو (Lilli Gruber، Pasqalina Napoletano) ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپی وبەرپرس لەگروپی (Socialist)ی ناو پەرلەمانی ئەوروپی.

لەم دیدارانەدا لەنیو پەرلەمانی ئەوروپی بەدریژی لەسەر بارودۆخی سیاسی عیراقو کوردستان قسەوباسمان کرد تا مەسەلەی کوشتنی ژنانو لەسەر نائارامی کوردستانو پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤو ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان لە تەقەکردن وسەرکوت کردنی نارەزایەتیەکانیو گەندەڵی سیاسیو ئیداریو دەسەلاتی میلیشایاییو بەتایبەتی لەسەر هەلۆاسراوی چارەنووسو ئایندەی کوردستان دوای روخانی رژیمی بەعس و..... لەو بارەوە فیدراسیۆن رای گەیاند کیشەی پەنابەرانی کورد کیشەیەکی سیاسییەو ئەو ریگایانەی وولاتە ئەورپییەکان گرتویانەتە بەر لەبەرامبەر پەنابەرانی کورد بە ناردنەوەو نەسەلماندنی مافی پەنابەری ریگاچارە نیەو

ریگای کارسازو عەمەلی گورینی ژیانی خەڵکی کوردستانە و.... چارەسەر ئەگەر هەلومەرجی ئابوری سیاسیو کۆمەلایەتی بگۆردریت بۆ هەڵومەرجیکی شایستە بەژیانی ئینسان هیچ کەس ناچار نی یە ریگای سەختو هات ونەهات بگریتە بەرو ئیهانەو سوکایەتی وولاتەکانی دراوسێی عیراق قبول بکە. رامان گەیاند فیدراسیۆن خۆی بە پێشەنگو لەریزی پێشەوەی جدی ئەو ئالووگورە راوەستاوە لەپێناو گورینی یاسا ودەسەلات بە قازانجی ئازادیو خۆشبەختی. ئەگەر دەولەتانی ئەوروپی بەراستی دەیانەویت لەکیشەی پەنابەران رزگاریان ببی تا ئەو کاتەی ئەوە ناکەن، فیدراسیۆن بە تەواوی توانـاوە لەپشتی مافو حورمەتی پەنابەرانی کوردستانەوە رادەوستیٚو پیداگری جدی دەکات تا بەرەسمیەت ناسینی مافی پەنابەریو نیشتەجیٚ بوون بۆ تەواوی پەنابەرانی کوردستان. هاوکات فیدراسیۆن لەم دیدارانەدا لەسەر دەوری وولاتە ئەوروپی یەکان لەفشار خستنە سەر دەولەتی بەریتانیا بۆ راگرتنی سیاسەتی بەزۆری پەنابەر قسەو باسی کردو هەروەها لەسەر سیاسەتی زۆریك لەولاتە ئەورپییەکان لە گۆشەگیرکردنی پەنابەرانو لەمەدەنیەتی کۆمەڵگاو کردنیان بەهاولاتی پلە دوو رەخنەی جدی گرت وە چوون ئەم